# ڕۆڵی پلەبەندی سروشتی لە گەیشتن بە بەختەوەری لە دیدی فارابییەوە

**محمد حسين سعيد**[1]

[1]بەشــی زانســتە ڕامیارییەکان، کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

بەختەوەری ڕاســتەقینە لە هزری فارابیدا بە ســروشــت و لەخودی خۆیدا خێری گەورە و خوازراوە و مەبەستی سەرەکیە لە ژیانی شاری چاکە و بەهاکەشی هۆکارە بۆ مانەوەی هەمیشەیی وەک ئامانج و هەرگیز نەبێتە ئامراز. نەخشە و بنەمای بیری فارابی پەیوەستە بە دارشتنی گرنگترین ئامراز و ڕێکارەکانی گەیشتن بە بەختەوەری، یەکەم ئامرازی یارمەتیدەر کۆبونەوەیە لە چوارچێوەی کۆمەڵگە و شاردا. کۆمەڵگەش وەک سیستمێک دەبینێت، کە سەرەڕای جیاوازیان لە پلە و ئەرکدا، بەڵام خاوەن بنچینە و بنەمای هاوکارین لە نێوان یەکدا، وێنەی تەواوی کۆمەڵگەش ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە سەرۆکێک بەڕێوەی ببات، گەیشــتبێتە عەقڵی کارا. ئەنجامی کۆبونەوەی ئامرازەکان، دروســتبونی شــاری چاکە و تەنها شوێنی بە دەستهێنانی بەختەوەرییە.

نەبونی هەمئاهەنگی و هاوکاری و پلەبەندی، نەگەیشتن بە عەقڵی کارا ، نەناسینی بەختەوەری ڕاستەقینە لەلایەن تاکەکان، کۆمەڵە بابەتێکن، کە فارابی دژەکانی شاری چاکەی پێدەناسێنێت، ئامانج لەم کارە، ســەلماندنی ئەو ڕاســتیەیە، کە هەر کۆبونەوە و شارێک ناتوانێت بەختەوەر بێت، ئەگەر هەنگاو و ســروشــتی شــاری چاکە لە بونیدا جێنەکاتەوە.

توێژینەوەی بەردەســت بە بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی و شیکاری. مەبەستیەتی دید و تێڕوانینی فارابی سەبارەت بە چییەتی گەیشتن بە بەختەوەری و کۆمەڵگەی خوازراو لەڕێگەی لێکچواندن و دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان شــاری چاکە و ســروشــتی مرۆڤ، بخاتەڕو. بۆ ئەم مەبەستەش دەگاتە ئەو ئەنجامەی، کە کۆبونەوەی مرۆڤەکان لەچوارچێوەی کۆمەڵگە و ڕەچاوکردنی پلەبەندیی ســروشــتیی و هاوکاری، زەمینەی گەیشــتن بە بەختەوەری فەراهەم دەکات.

**کلیلە وشەکان:** بەختەوەری، سروشتی مرۆڤ، شاری چاکە، پلەبەندی و هاوکاری.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5
**Received:** 09-February-2022
**Accepted:** 16-May-2022
**Published:** 29-December-2022
**Corresponding Author E-mail:**
mohammed.qader@univsul.edu.iq

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەكی:

بەختەوەری، هەمیشە یەکێک بوە لە بابەتە بونیادی و گرنگەکانی دین و فەیلەسوف و قوتابخانە و زانستە ئەخلاقییەکان، سەرەڕای بونی جیاوازییە هزرییەکانی پەیوەست بە چییەتی بەختەوەری، بەڵام بەردەوام وەک ئامانجی کۆتایی ژیانی مرۆڤ هەژمارکراوە. ئەمەش بوەتە هۆی چڕبونەوەی هەوڵەکان بە ئاراستەی دۆزینەوە و گرتنبەری باشترین ئامراز و میکانیزمەکان و دروستکردنی ژینگەی گونجاو بۆ گەیشتن بەم ئارمانجە بونیادی و پربایەخە.

لەم نێوەندەدا، ئەبو نەسر موحەممەد کوڕی تەرخان کوڕی ئۆزلۆخی فارابی، نارسراو بە (فارابی- مامۆستای دوەم)، یەکێک لە گرنگترین گرنگیپێدانەکانی؛ مرۆڤ و شێوازی گەیشتنیەتی بە بەختەوەری. لێکدانەوەی فارابی لە سیستمی هەبون و جەستەی مرۆڤ، دەرخەری پەیکەرێکی تاکە لە لوتکەی هەمئاهەنگی و گونجاندا. کۆمەڵگەی نمونەیی مرۆیی، کە لە بۆچونی فارابیدا بە (شاری چاکە یان چاکە) دەناسێنرێت، لەسەر بنەمای نمونەیەکی وەرگیراو لە سیستمی جیهانی بون داڕێژراوە. ئەم نمونەیە وەک سەرمەشق، وێنەیەکی بچوکتری هەیە، کە سروشت و جەستەی مرۆڤە.

نەخشە و کرۆکی هزری فارابی لە گەیشتن بە بەختەوەری، ئاماژەیە بە دەستنیشانکردنی کۆمەڵێک فاکتەر و هۆکاری کاریگەر، بەجۆرێک شاری چاکە، کە شوێنگەی گەیشتنە بەم ئامانجە، نایەتە بون تا سێ مەرجی سەرەکی بونیان نەبێت، کە ئەوانیش: کۆمەڵگە و شار، ڕەهەندی هاوکاری و پلەبەندی ستونی، سەرۆکی یەکەمی خاوەن عەقڵی کارا. بەم شێوەیە، فارابی گەیشتن بە بەختەوەری پەیوەست دەکات بە کۆمەڵگەیەکی ئۆرگانی و ناوەڕۆکەکەشی ڕەنگدانەوەی بیری فارابیە لەم چوارچێوەیەدا، باسکردنی دژەکانی شاری چاکەش دەکاتە پێوەر و بنەما بۆ سەلماندنی تێڕوانینەکانی.

لەڕاستیدا، هزری فارابی سەبارەت بە سیستمی هەبون و گەیشتن بە بەختەوەریی لە شاری چاکە، فراوان و فرەڕەهەندە، بۆیە لەپێناو گونجاندنی توێژینەوەی بەردەست لەگەڵ قەبارە و مەرجەکانی بڵاوکراوەیەکی زانستی، باسکردن لە هەمو هۆکارە کاریگەرەکان و لە پێش هەموشیان سیستمی هەبون و هۆکاری یەکەم (خودا)، لە دروستبونی شاری چاکە و بەدەستهێنانی بەختەوەری، دەکرێت کاري توێژینەوەیەکی سەربەخۆی دیکە بێت و تەنها بە شیکارکردن و باسکردنی هۆکارەکانی وەک کۆمەڵگە و پلەبەندی و عەقڵی کارا، بەسەندە دەکەین.

## بایەخی توێژینەوە:

دەکرێت بایەخی توێژینەوەی بەردەست لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕو:

- پرسی بەختەوەری و چییەتی و ئامرازەکانی بەدەستهێنانی، یەکێکە لەگرنگترین ئامانج و مەبەستەکانی مرۆڤایەتی لە هەمو کات و سەردەمێکدا، بۆچونەکانی فەیلەسوفی ناوداری ئیسلام (فارابی) وەک یەکێک لە باشترین بۆچونەکان لەم بوارەدا، دەکرێت یارمەتیدەر بێت بۆ باشتر ئاشنابون بەم پرسە گرنگە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

تێگەیشتن لەو ئامراز و میکانیزمە ورد و دەقیقانەی، کە فارابی شاری چاکەی پێ لێکدەچوێنێت بە سروشت و هێزەکانی نەفسی مرۆڤ، هەروەها چۆنییەتی ئەم لێکچونە و ڕەنگدانەوەی لە شاری چاکەدا.

-بەرچاوڕونی و ناسینی ئەو کۆمەڵگە و شارانەی، کە خەسڵەت و تایبەتمەندی شاری چاکە لەخۆناگرن، بابەتێکە دەتوانرێت لە ئەمڕۆی پڕ لە نادادپەروەری و ستەمدا، سودی لێوەرگرێت.

-سنورداری و کەمی ئەو سەرچاوە کوردیانەی لە بارەی هزر و ئەندێشەی فارابییەوە بە زمانی کوردی بڵاوکراونەتەوە.

## کێشەی توێژینەوە:

خستنەڕوی هزر و دیدی فارابی سەبارەت بە گەیشتن بە بەختەوەری، کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنێت، کە کێشەی توێژینەوەی بەردەست پەیوەست دەکات بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە:

-بەختەوەری و بەدەستهێنانی لە دیدی فاربیدا چۆن دێتەدی؟

چۆن دەکرێت لە ڕێگەی لێکچواندنی شاری چاکە بە سروشتی مرۆڤ، کۆمەڵگەی خوازراوی فارابی بێتەدی؟

-لەم نێوەندەدا ڕۆڵی کۆمەڵگە و هاوکاری و پلەبەندی لە جەستە و هێزەکانی نەفسی مرۆڤ و عەقڵی کارا و گرێدانی لەگەڵ شاری چاکە، چیین؟

-خەسڵەتە سەرەکییەکانی جیاکاریی شاری چاکە و دژەکانی لە هزری فاربیدا چیین؟

## گریمانەی توێژینەوە:

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەوەی بەدەستهێنانی بەختەوەری بەندە بە کۆبونەوە لەچوارچێوەی کۆمەڵگەیەکدا، کە ئەندامانی هاوشێوەی ئەندام و هێزەکانی نەفسی مرۆڤ، سەرەڕای بونی جیاوازیان، هاوکار و هەمئاهەنگن، هەروەها هاوشێوەی مرۆڤێکی کامڵ، سەرۆکایەتی کردنیان لەلایەن ئەو کەسەوەیە، کە گەیشتوەتە قۆناغی عەقڵی کارا، دژەکانی ئەم شارەش لە بونی ئەم تایبەتمەندییانە بێ بەشن.

## میتۆدی توێژینەوە:

توێژینەوەی بەردەست لەڕێگەی کۆکردنەوە و شیکارکردنی پێدراوە چۆنیەتییەکان (کیفی) و بەسود وەرگرتن لە میتۆدی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، هەوڵی خستنەڕو و ئاشکراکردنی کرۆکی هزری فارابی سەبارەت بە گەیشتن بە بەختەوەری لە شاری چاکە دەدات، هاوکات وەسفکردنی چەمک و بابەتە سەرەکییەکانی بیری فارابی لەڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

## پەیکەربەندی توێژینەوە:

توێژینەوەی بەردەست لە پێشەکی و دو باس و ئەنجامێک پێکدێت، باسی یەکەم لە چوار تەوەرە پێکدێت، تەوەری یەکەم باسکردنی ماهیەت و سروشتی بەختەوەرییە لە دیدی فارابیدا، تەوەرەی دوەم خستنبەر باسی سروشتی مرۆڤ و پێویستیی کۆبونەوە لەخۆدەگرێت، تەورەی سێیەم تایبەتە بە هێزەکانی نەفس و جەستەی مرۆڤ، هەروەها شێوازی یەکبونی هیێزەکانی نەفس دەخەینەڕو. تەوەری چوارەم باس لە عەقڵ و قۆناغبەندییەکانی دەکەین. باسی دوەم لە چوار تەوەرە پێکدێت، تەوەرەی یەکەم باس لە پێویستی دروستبونی کۆمەڵگە دەکەین، تەورەی دوەم ڕەنگدانەوەی سروشتی مرۆڤە لە شاری چاکە، تەورەی سێیەم باسکردنە لە ڕۆڵی عەقڵی کارا، تەوەرەی چوارەم، خستنەڕوی دژەکانی شاری چاکەیە.

## باسی یەکەم: چییەتی بەختەوەری و سروشتی مرۆیی:

باسکردنی بەختەوەری وەک پرسێکی مانادار و گرنگی پەیوەست بە مرۆڤ لە دیدی فارابیدا، پێویستیی بە خستنەڕوی بەشە گرنگەکانی ڕوانگەی فارابیە لەمەڕ شیکردنەوە و وەسفەکانی ناوبراو بۆ بەختەوەری و سروشت و هێزە هەبوەکان لە مرۆڤدا، ئەم چوارچێوەیەش دەرخەری پلەبەندییەکی تەواو و هەمئاهەنگە و دروستبونی مرۆڤی کامڵی پێوە گرێدراوە.

### تەوەرەی یەکەم: چییەتی بەختەوەری:

بەختەوەری لەڕوی زاراوە و زمانەوانییەوە واتای باشییەتی، بەختی باش، پیرۆزی، خۆشبەختی دەگەیەنێت (اعلی و ئەوانی دی، ١٣٩١، ص ١١٤). فارابی بەوردبونەوە لە چییەتی و گرنگی بەختەوەری، بڕوای وایە ئامانج لە هێنانەدی مرۆڤ، گەیشتنیەتی بە بەختەوەری، بۆیە پێویستە مرۆڤ سەرەتا بەختەوەری بناسێت (عارف، ١٣٩٤، ص ٨). پاشان کاری پێویست لەپێناو بەدەستهێنانی ئەنجام بدات. فارابی بەختەوەری دەچوێنێت بەوەی، کە لە خودی خۆیدا خێرێکی ڕەها و خوازراوە و بابەتێک نییە، کە لە کات و سەردەمێکدا خوازراو بێت، لە هەمانکاتدا ئامرازێکیش نییە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیکە. بەختەوەری جۆرێکە لە کەماڵ و کامڵترین ئامانجە (علی صبری و سید علی کاظمی، ١٣٩٥، ص ١٠٧). واتە نە لەبنەڕەتدا و نە لە کاتێک لە کاتەکاندا بۆ ئەوە نابێت تا شتێکی تری پێبەدەست بێت و لەپشتیەوە شتێکی تر نییە، کە بکرێت مرۆڤ بە دەستی بهێنێت لەو مەزنتر بێت(فارابی، ٢٠١٩، ص ١١١).

لەڕاستیدا دیدی فارابی سەبارەت بە بەختەوەری سێ تایبەتمەندی لەخۆدەگرێت: یەکەم، بەختەوەری بریتییە لە خێر، لەو ڕووەوە، کە مرۆڤ خوازیاری بەختەوەرییە و وەک کەماڵ بونی خۆی لێکیدەداتەوە، هەر کەماڵێکیش، کە خواستی مرۆڤ بێت، پێیدەوترێت خێر. دوەم، خێری بەختەوەری لەپێش هەمو خێرەکانی دیکەیە، چونکە بەختەوەری کۆتا وەڵامە بۆ چییەتی گەڕان و داواکارییە بێ شومارەکانی مرۆڤ و کۆتاییترین ئامانجیشە. سێیەم، شایستەبونی بەختەوەرییە بە خودەوە، بە واتایەکی دی، نەک بەختەوەری لەپێناو شتێکی دی داواناکرێت، بەڵکو لەخودی خۆشیدا لەپێناو شتێکی دیدا داواکراو و خوازراو نییە (اعلی و ئەوانی دی، ١٣٩١، ص ١١٤-١١٥).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

هەڵبەت فارابی بڕوای وایە، کە ئەگەری ئەوە هەیە هەر کەس دیدێکی تایبەتی هەبێت بۆ بەختەوەری، و بۆچونی خۆی وەک واتایەکی وردی بەختەوەری لێکبداتەوە، بۆنمونە، هەندێک سەروەت وەک بەختەوەری دادەنێن، هەندێک چێژەکان و هەندێکی دی سیاسەت، بەڵام خودی فارابی بەختەوەری لەگروپی بەدەستهێنانی فەزیلەتەکان، کە فەزیلەتی ئەخلاقی لەپێش هەمویانە، دادەنێت(علی رضا، ١٣٨٨، ص ٦٤).

بەگشتی فارابی بەختەوەری بۆ دو جۆر دابەشدەکات، کە یەکەمیان بەختەوەری حەقیقیە، کە لەخودی خۆیدا خوازارو و داواکراوە و هیچ کات نابێتە ئامراز، بەڵکو سود لە هەمو شتێکی ڕەوا وەردەگیرێت بۆ بەدەستهێنانی. هەر کاتێکیش مرۆڤ توانی ئەم جۆرە لە بەختەوەری بەدەستبهێنێت، ئیدی هیچ داوایەکی دیکەی نابێت، لە دیدی فارابیدا ئەم جۆرەی بەختەوەری لە دنیادا نییە و دەیبەستێتەوە بەئاخیرەت، بەڵام هەر کەس دەتوانێت پەیوەست بەو بەهرەیەی، کە لەبونیدا هەیە، بەشێک لەم بەختەوەریەی دەستبکەوێت.(محسن، ١٣٩٩، ص ١٤٧-١٥١). جۆری دوەم ، کە فارابی پێیوایە زۆرینە بە بەختەوەری دادەنێن، لە ڕاستیدا بەختەوەری نییە و پەیوەستە بە سەروەت و چێژ و تەواوی ئەو بابەتانەی، کە خەڵکی وەک خێر لێی دەڕوانن(رضا، ١٣٥٤، ص ١٠٢).

گەیشتن بە بەختەوەری لە دیدی فارابیدا بریتیە لەوەی، کە دەرونی مرۆڤ بگاتە ئاستێک لە تەواوێتی لە بوندا تا وای لێبێت لە وەستانیدا پێویستی بە ماددە نەبێت، ئەوەش بەوەی لە هەمو شتەکاندا بێبەری بێت لە تەنەکان و لە ماددە، لەڕیزی جەوهەرە داماڵراوەکان لە ماددە بێت، لەو دۆخەدا بمێنێتەوە هەردەم و هەتاهەتایە. مرۆڤ بە کرداری ویستمەندانە دەگاتە بەختەوەری، کە هەندێکیان کرداری هزرین، هەندێکیان کرداری جەستەیین، هەڵبەت بە هەر کردارێک نا کە ڕێبکەوێت، بەڵکو بەکردارگەلێکی وا دیاریکراو و ئەندازەگیراو لە هەیئەت و مەلەکەگەلێکی ئەندازەگیراو و دیاریکراو بەدی دێت. ئەو کردەوە ویستمەندانەش، کە سودەبەخشن لە گەیشتن بە بەختەوەری، بریتین لە کردارە جوانەکان، ئەو هەیئەت و مەلەکانەش (الملكات)، کە ئەو کردارانەی لێوە دەدرچێت، بریتین لە فەزیلەتەکان. ئەم چاکانەش لەپێناو خودی خۆیدا نا، بەڵکو چاکەگەلێکن لەپێناو بەختەوەریدا. ئەو کردانەش، کە دەبنە بەربەست لەبەردەم بەختەوەریدا بریتین لە شەڕ و خراپەکان، کە بریتین لە کردارگەلی ناشیرین. ئەو هەیئەت و مەلەکانەش، کە ئەم کردارانەی لێوەدەردەچێت، بریتین لە کەموکورتییەکان، ڕەزیلەتەکان، شتە نزمەکان(فارابی، ٢٠١٩، ص ١١١). (فارابی،٢٠١٩، ص ١١٠).

## تەوەرەی دوەم: سروشتی مرۆڤ و پێویستیی بە کۆبونەوە:

فارابی، فەیلەسوفی سیستمسازی جیهانی ئیسلام، یەکێک لە گەورەترین بابەت و گرنگیپێدانەکانی، مرۆڤ و ئەو پرسیارانەبون، کە دەربارەی هەبونی بونیان هەبو. بەوجۆرەی کە پێشەکییەکانی فەلسەفەی فارابی و بنەماکانی میتافیزیک و هەبونناسیەکەی، لەپێناو ئاشکراکردن و خستنەڕوی پێگە و جێگەی مرۆڤ بو، ئەمەش هەم لەڕوی هەبون و هەم لەڕوی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕاگەیاندنی سیستمگەلێک، کە مرۆڤ ناچارە بە شوێنکەوتنی (فرناز، ١٣٧٦، ص ١٦٥-١٦٦).

سەرەتا فارابی دەیەوێت پێویستیی مرۆڤ بە کۆبونەوە و کۆمەڵایەتی بونی بخاتە بەرباس. ئەو پێیوایە هەر یەک لە مرۆڤەکان فیترەتیان لەسەر ئەوەیە، کە نیازمەندن لە وەستانیدا و لەوەدا کە بگات بەباشترین تەواوێتییەکانی،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

بەشتانێکی زۆر، کە خۆی ناتوانێت پێیان هەستێت، بەڵکو پێویستی بە کەسانێکە، هەریەکەیان بۆی هەستێت بە شتێک لەوانەی پێویستیەتی. هەر یەکێکیش بۆ کەسانی دی بەم شێوەیە. لەبەر ئەمە ناکرێت مرۆڤ تەواوێتی بەدەستبهێنێت، کە لە پێناویدا فیترەتە سروشتییەکان دروستکراوە، مەگەر بە کۆبونەوەگەلێک کۆبونەوەی زۆری هاریکار لەگەڵ یەکتر، هەر یەکێکیان هەڵدەستێت بۆ ئەوانی دی بە هەندێک لەوەی پێویستیەتی لە وەستانیدا، کۆدەبنەوە، بە جۆرێک کە تێکرای کۆمەڵ پێیهەڵدەستێت بۆ هەریەکێکیان، تێکڕای ئەوەی کە پێویستیەتی لە وەستانیدا و لەوەدا کە بگات بە تەواوێتی. لەبەر ئەمە تاکەکانی مرۆڤ زۆر بو، مەعمورەیەکیان لە زەویدا بە دەستهێنا، کۆبونەوە مرۆییەکانی لێبەدیهات(فارابی، ٢٠١٩، ص ١٢٤). لە هزری فارابیدا کۆبونەوەی مرۆڤەکان بۆ سێ دەستە و جۆر دابەش دەبن، ئەنجومەنی مەزن، مام ناوەند، بچوک. ئەنجومەن و کۆبونەوەی مەزن کۆبونەوەی هەمو کۆمەڵە، کە لە دەوری یەک کۆدەبنەوە و هاوکاری یەکدی دەکەن. ئەنجومەنی مام ناوەند کۆبونەوەی یەک ئومەتە، و ئەنجومەنی بچوک هەمان کۆبونەوەی شارە. بە کۆبونەوەی ئەم سێ ئەنجومەنە، ئەنجومەنی بونەوەری عاقڵ، دەگاتە بەرهەم و تەواو دەبێت(فارابی، ١٣٩٦، ص ١٢٥-١٢٦). ئەمانە کۆبونەوە تەواوەکانی مرۆڤن، هەڵبەت ئاماژە بە کۆبونەوە ناتەواوەکانیش دەکات و پێیوایە کۆبونەوەی خەڵکی گوند، گەڕەک، کۆڵان، ماڵ کۆبونەوەی بەشێکن لە کۆبونەوە ناتەواوەکان. چاکەی باشترین و ئەوپەڕی تەواوێتی یەکەمجار بە شار بەدەست دێت، نەک بەو کۆبونەوەیەی کەموکورتترە لە شار. شاریش، کە لەڕاستیدت مەبەستی کۆبونەوە تێیدا هاریکارییە لەسەر ئەو شتانەی، کە بەهۆیەوە بەختەوەری پێبەدەست دێت(فارابی، ٢٠١٩، ص ١٢٤-١٢٥).

پاش ئاماژە بە پێویستیی کۆبونەوەی مرۆڤ و دەستەبەندیکردنیان، فارابی بە چییەتی سروشتی مرۆڤەوە سەرقاڵ دەبێت، و بڕوای وایە ئەم سروشتە لە هەمواندا وەک یەک و یەکسان نییە و لەگەڵ سیفاتە جەستەییەکانی هەر تاکێکدا جیاوازن. هەندێک توانای ناسینی مەعقولاتی سەرەتاییان* هەیە، لەکاتێکدا هەندێکی دیکە ئەو توانایەیان نییە. هەندێک بەشێوەیەکی سروشتی توانای درککردنی مەعقولاتی سەرەتاییان نییە. گروپی سێیەم لەڕێی خودی مەعقولاتە سەرەتاییەکانەوە توانای ناسینیانیان هەیە. فارابی لەڕێی گروپبەندی سروشتی مرۆڤەوە دەیەوێت ئەو جۆرە لە مرۆڤ بناسێنێت، کە توانا و شارەزاییەکی تایبەت تری هەیە بەراورد بەوانی دیکە، بەجۆرێک گروپی سێیەم دەکاتە سەنتەر و لەهەر کەموکورتی و عەیبێک پارێزراو دەیانبینێت و خاوەن سروشتێکی هەمئاهەنگن و لەپێناو ناسین و دەرکی مەعقولاتی سەرەتایی دروستبون و لەو کارانەشدا سەرکەوتو دەبن، کە هەموان هاوبەشن تێیدا. پاش ئەم قۆناغە، تاکەکانی ئەم گروپە تایبەتتر و جیاوازتر دەبن، بەجۆرێک هەندێکیان ئەو مەعقولاتانە درکدەکەن، کە تایبەتە بە خۆیان و ئەوانی دیکە هاوبەش نین تێیدا (میان، ١٣٦٥، ص ١٦٩-١٧٠). بەگشتی دیدی فارابی سەبارەت بە مرۆڤ، خۆی دەبینێتەوە لەوەی، کە ئاستی مرۆڤەکان لە توانا و شارەزاییدا جیاوازە و هەر تاکێکیش بەپێی ئەم ئاستەی، توانای تێگەیشتنی هەیە لە ڕاستی و مەعقولاتی سەرەتایی، واتە لەسەر بنەمای ئەوەی، کە تا چ ئاستێک هێزەکانی نەفسی گەیشتونەتە پلەی کەماڵ و تەواوێتی، ئەمەش بڕیار لەسەر ئاستی تێگەیشتن و دەرکی مەعقولات دەدات. هەروەک لە تەوەرەی سێیەمدا باسی لێوەدەکەین، کاملترینی مرۆڤەکان و ئەوانەی، کە شایستەی سەرۆکی یەکەمن، ئەوانەن، کە هێزەکانی نەفس



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

تێیاندا دەگاتە کۆتا پلە، کەسانی دیکەش هەر یەکە و بەپێی سروشت و توانای خۆی لە ئاستێکدا دەوەستێتەوە و پلەی لە کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی مەعقولات و مەعریفەدا دیاریدەکرێت.

## تەوەرەی سێیەم: هێزەکانی نەفس و جەستەی مرۆڤ:

لە دیدی فارابیدا مرۆڤ وەک باڵاترین بونەوەری جیهانی سروشتی، لەقۆناغی بەهێز (بالقوة) و کەموکورتی و ناتەواویدا پەیوەستە بە ماددە، بۆ گەیشتن بە تەواوێتی و بەکرداربون، پێویستە دابماڵرێت لە ماددە. بەمشێوەیە، مرۆڤی فارابی بەتەواوی ئامادەیی کەماڵ و تەواوێتی تێدایە(فرناز، ١٣٧٦، ص ١٦٦). لەپێناو زیاتر ڕونکردنەوەی سروشتی مرۆڤ و دەرخستنی جیاوازی و تەواوکاریی نێوانیان، فارابی ئاماژە بە کارکردنی هێزەکانی نەفس دەکات وەک هێلێکی تەواوکار. بە بۆچونی فارابی مرۆڤ لە سێ بەش پێکدێت: نەفس، ماددە، وێنە. هەر بەو جۆرەی لە یەککگرتنی ماددە و وێنە، جەستە دروست دەبێت، بەهەمان شێوە، لە ئەنجامی یەککگرتنی وێنە و نەفس، مرۆڤ دروست دەبێت، مرۆڤ پەیکەرێکی تێکەڵە لە نەفس و جەستە. جەستە ماددەی مرۆڤە و نەفسیش وێنەکەیەتی (یارعلی، ١٣٩٠، ص ١٤). سەبارەت بە چییەتی نەفس، لە دیدی فارابیدا تۆرێکی بەیەک پەیوەستە و لێکدانەبڕاون، هەرچەندە ئەو هێزانەی، کە لە نەفسی مرۆڤدا بونیان هەیە، هەریەکە و ئەنجامدانی کار و بەرپرسیارێتییەکی لە ئەستۆیە، بەڵام ناتوانن کاریگەربن بەبێ بونی هەمئاهەنگی و ڕۆڵی تەواوکاریی لە نێوانیاندا.

بەبڕوای فارابی، مرۆڤ لە دو هێزی سەرەکی پێکدێت؛ هێزی نەفس، کە لەڕێی ئەندامانی جەستەوە کارەکانی خۆی ڕادەپەڕێنێت، بەڵام جگە لەم هێزە، هێزێکی دیکەش لە مرۆڤدا هەیە، کە ناسراوە بە هێزی عەقڵ و لە ئەنجامدانی کارەکانیدا پێویستی بە ئەندامانی جەستە نییە(رضا اکبریان، ١٣٨٩، ص ٦٠-٦١). بەگشتی، فارابی هێزەکانی نەفس لە خوارەوە بۆ سەرەوە و لەچوارچێوەی سیستمێکی پلەبەندیکراوی خزمەتکار-خزمەتکراو و لە کەموکورتەوە بۆ کەماڵ و تەواو، بەمجۆرە پۆلێن دەکات(فرناز، ١٣٧٦، ص ١٦٨):

١-**هێزی خۆراکپێدەر:** ئەو هێزانەی لە مرۆڤدا دروستکراون، یەکەمین هێزێک ئەوەیە، کە خواردنی پێوەردەگرێت، ئەویش هێزی خۆراکپێدەرە (گەشەپێدەرە). هێزی گەشەپێدەری سەرەکی لەسەرجەم ئەندامەکانی جەستەدا لە دەم دایە، ملکەچ و خزمەتگوزار بڵاوبوەتەوە بە سەرجەم ئەندامەکاندا و تێکڕای هێزەکان شوێنپێی کارەکانی دڵ دەکەون(فارابی، ٢٠١٩، ص ٩١). کارەکانی گەشە، لەدایکبون، پاکڕاگرتن و هەزم و... لەئەستۆدایە، بەگشتی هۆکارە بۆ مانەوەی مرۆڤ بەچالاکی(فرناز، ١٣٧٦، ص ١٦٩).

٢-**هێزی هەستکردن:** ئەو هێزەیە، کە بەرجەستەکان هەست پێدەکات وەک گەرما و سەرما و پێنج هەستەکە. سەرۆک و خزمەتگوزاریشی تێدایە، خزمەتگوزارەکانیشی پێنج هەستە بەناوبانگەکەن، کە لە چاوەکان و گوێچکەکان و تێکڕایاندا بڵاوبونەتەوە. سەرۆکیان ئەوەیە، کە هەمو ئەوانەی تێدا کۆبێتەوە، کە هەر پێنجیان پەیپێدەبەن بە تێکڕا، هەواڵی هەر یەک لە هەستەکان کۆدەکرێتەوە و دەدرێتە سەرۆک، سەرۆک لەم هێزەشدا لە دڵدایە(فارابی، ٢٠١٩، ص ٩١-٩٧).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

٣-**هێزی ئەندێشەکەر:** هەمان ئەو ئارەزوەیە، کە لە شێوەی ئەندیشەدا دێتەبون(فارابی، ٢٠١٩، ص ٩٠)، نێوەندگیرە لەنێوان هێزی هەستکردن و ناتیقەدا، پاش ونبونی؛ وێنەی هەستپێکراوەکان دەپارێزێت، هەندێکیان پێکەوە لێکدەدات و هەندێکی دیکەشیان لێکجیادەکاتەوە. (فرناز، ١٣٧٦، ص ١٧٠-١٧١). ئەم هێزە خزمەتگوزاری پەرتوبڵاوی نییە لە ئەندامەکانی تردا، بەڵکو یەک دانەیە، ئەویش بە هەمانشێوە لە دڵدایە(فارابی، ٢٠١٩، ص ٩٢)

٤-**هێزی ناتیقە:** ئارەزوی عەقڵییە لە نەفسی مرۆڤدا. ناوی تایبەتی ئەم هێزە، هێزی (سەرپشکی)ە، واتە (سەرپشکی لە هەڵبژاردنی شتێک یان ڕەتکردنەوەی)، هەر ئەم هێزەشە مرۆڤ لە بونەوەرکانی دیکە جیادەکاتەوە. لەڕێی ئەم هێزەوە، کە لە عەقڵەوە سەرچاوەی گرتوە، مرۆڤ سەرپشکە لە ئەنجامدانی کاری پەسەند یا ناپەسەند، بەکارهێنانی ئەم هێزەش دواجار پاداش و سزای بەدوادا دێت(فارابی، ١٣٩٦، ص ١٨٢-١٨٣). هێزی ناتیقە سەرۆکی هەمو هێزەکانی نەفسە و هێزەکانی وەک: (خۆراکپێدەر، هەستکردن، ئەندێشەکەر)، لەپێناو خزمەتکردن بەم هێزە دروستکراون، هۆکارە بۆ ئەوەی مرۆڤ فێری زانست و پیشەسازی ببێت، هەروەها بتوانێت جیاوازی لەنێوان کاری باش و خراپ، خێر و شەڕ، بکات(فرناز، ١٣٧٦، ص ١٧٢).

هەر یەک لەم هێزانە لە سروشتدا جیاواز و لە ئەرکدا تەواکاری ئەوی دیکەن، بەڵام هێزەکانی نەفس سەرباری ئەو جیاوازی و پلەبەندییەی، کە پەیوەست بە ئەرک و بەرپرسیاریتی لەنێوانیاندا هەیە، لەچوارچێوەی بنەمای هاوکاری و یەکدی تەواوکردن، سوڕێکی بەردەوامی چالاک پێکدەهێنن، بەوەی هەریەک لەگەڵ ئەنجامدانی ئەرکی سەرەکیدا، ڕۆڵیش دەگێڕێت لە ئەرکی هێزەکانی دیکە.

بۆیە لەگەڵ ئەوەی هێزەکانی نەفس جۆراوجۆرن بەڵام خودی نەفس تاکە، کتێبی (بیر و بۆچونەکانی خەڵکی شاری چاکە) بەشێکی تایبەتی بەناونیشانی؛ چۆن ئەم هێزانە نەفسێکی تاک پێکدەهێنن؟ بۆ ئەم باسە تەرخانکراوە، بەوشێوەیەی هەریەک لەم هێزانە بۆ خوارتر لەخۆیان دەبنە وێنە و بۆ سەروتر دەبنە مادده.(حنا و جر، ١٣٩٩، ٤٢٥). بۆنمونە، هێزی ناتیقە باڵاترە لە هەمو هێزەکانی دیکە و نابێتە مادده بۆ هیچ هێزێک، لەکاتێکدا وێنەیە بۆ تەواوی هێزەکان. هێزی خۆراکپێدەریش، یەکێکە لە هێزە سەرەکییەکان و لەگەڵ ئەوەی لە خودی خۆیدا سەرۆک و خزمەتگوزاری تێدایە (دڵ وەک سەرۆک، نابێتە خزمەتگوزار، لەکاتێکدا ئەندامانی دیکەی جەستە هەم دەبنە خزمەتگوزار بۆ سەرو خۆیان و هەم دەبنە سەرۆک بۆ خوارتر لە خۆیان (فارابی، ٢٠١٩، ٩١). ئەم پلەبەندی و شێوازی کارکردنە بۆ هێزەکانی دیکەش ڕاستە. لەهەمانکاتدا هێزی خۆراکپێدەر (گەشەپێدەر) بۆ ئەوە دانراوە خزمەتی جەستە بکات، بەهەمان شێوە هێزەکانی هەستکردن و ئەندێشەکەر بۆ خزمەتی جەستە دانراون تا خزمەتی هێزی ناتیقە بکەن، ناتیقەش(عەقڵ) هەیانە کردارییە و هەیانە تیۆرییە، کردارییش بۆ ئەوە دانراوە تا خزمەتی تیۆریی بکات، تیۆریش خزمەتی هیچ هێزێک ناکات، بەڵکو مەبەست لێی گەیشتنە بە بەختەوەری(فارابی، ٢٠١٩، ص ١١١-١١٢). بەم واتایەش گەیشتن بە بەختەوەری ئەنجامی پرۆسەی کارلێک و پەیوەندی نێوان هێزەکانی نەفسە تاکو دەگاتە دوا قۆناغ (هێزی ناتیقەی تیۆری). بەگشتی دەتوانین پوختەی بۆچونی فارابی سەبارەت بە یەکبونی نێوان هێزەکانی نەفس بەمجۆرە بخەینەڕو، کە هێزی خۆراکپێدەر ماددەیە بۆ هێزی هەستکردن، هێزی هەستکردنیش وێنەیە بۆ ئەو، هێزی هەستکردن ماددەیە بۆ هێزی ئەندێشەکەر و هێزی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

ئەندێشەکەر وێنەیە بۆ ئەو، هێزي ئەندێشەکەر ماددەیە بۆ هێزی ناتیقە و هێزی ناتیقە وێنە بۆ ئەو، هێزي ناتیقە وێنەیە بۆ هەمو هێزەکان و نابێتە ماددە بۆ هیچ هێزێک. هەمو ئەو هێزانەش لە جەستەی مرۆڤدان و جودانین لێی(حنا و جر،١٣٩٩، ص ٤٢٥).

## تەوەرەی چوارەم: هێزەکانی عەقڵ:

هێزی ناتیقە لە ڕوانگەی فارابیدا بۆ دو هێز یاخود عەقڵی سەرەکی دابەش دەبێت: عەقڵی تیۆریی و عەقڵی کرداری(هەمان، ١٣٩٩، ص ٤٢٦). هەڵبەت ئەم دابەشکارییە واتای هەبونی دو هێزی عەقڵیی سەربەخۆ نییە لە نەفسی ناتیقەدا، بەڵکو یەک عەقڵە، بەڵام بە دو شێوەی جیاوازی کارکردن، بەجۆرێک عەقڵی تیۆریی تێگەیشتنە گشتییەکان و عەقڵی کرداریی تێگەیشتنە لاوەکییەکان، درکپێدەکەن(احمد،١٣٩٨، ص ٢٤٤). مرۆڤ بەهۆی عەقڵی کردارییەوەیە، کە توانای شارەزایی و پێویستی ئەنجامدانی کارەکانی بە ئیرادەی خۆی پێدەبەخشرێت(فارابی، ١٩٨٧، ص ٢٢).

عەقڵی تیۆریی عەقڵێکە جەوهەری نەفسی مرۆڤ بەهۆیەوە دەگاتە کەماڵ. هێزێکە بەبێ بەڵگە و ئەندازەگرتن و بەشێوەیەکی سروشتی زانستێکی دڵنیاو یەقین بە سەرەتا گشتییە پێویستەکان، کە بنەمای هەمو زانستەکانە، بە مرۆڤ دەبەخشێت. مرۆڤ بە هاوکاریی هێزی عەقڵی تیۆریی دەتوانێت بەختەوەری بناسێت(فاخوری و جر، ١٣٩٩، ص١٦٧-١٦٩٨).

عەقڵی تیۆریی لەخۆیدا بۆ چوار جۆر دابەش دەبێت، هەریەک لەم عەقڵانە هاوشێوەی هێزەکانی نەفس، دەبنە ماددە بۆ ئاستی دواتری عەقڵ و وێنەن بۆ ئاستی پێشوتری عەقڵ:

**١-عەقڵی هیۆلانی یان عەقڵی بەهێز(بالقوة)**: هێزی ناتیقە لەم قۆناغەدا توانای تێگەیشتنی مەعقولاتی نییە(زکریا، ص٧٦)، بەڵام سروشتێکی ئامادەی هەیە بۆ جیاکردنەوەی ناوەڕۆکی هەبوەکان و وێنەکانیان لە ماددەکانیان (محسن، ١٣٩٩، ص ١١٨)، تا ئەو وێنەیە وەک وێنەیەکی ئەو ماددانە بناسێت. ئەم عەقڵە لە قۆناغی سەرەتادا بەشێوەیەکی سروشتی لە مرۆڤدا دروست دەبێت لەپێناو قبوڵکردنی وێنەی مەعقولاتەکان، کە دەبێتە سەرەتایەک بۆ دروستبونی عەقڵی کارا، هاوکات لەشێوەی مادەیەکی ئامادەکراودایە بۆ وێناکردنی مەعقولاتەکان(فاخوری و جر، ١٣٩٩، ص ٤٢٦). بەگشتی ئەو توانایەیە، کە هەمو مرۆڤەکان لە سەرەتادا هاوبەشن تێیدا(اکبریان و السادات، ١٣٨٩، ص ٦٥).

**٢-عەقڵی بەکردار (بالفعل)**: ئاستی عەقڵە لەکاتی دەرککردنی شتە ماددییەکان، ئەمەش بەهۆی هەستەکانەوە دێتەدی، کە لەژێر کاریگەری بەخششی عەقڵی کارا هاتوەتە ئەنجام(رضا، ١٣٩٦، ص ١٤). لەبەرئەوەشی مەعقولات لەم عەقڵەدا دێنەبون، عەقڵ سەبارەت بە مەعقولات دەبێتە عەقڵی بەکردار(فاخوری و جر، ١٣٩٩، ص ٤٢٧). ئەم عەقڵە لەگەڵ ئەوەی وێنەیە بۆ عەقڵی هیۆلانی، لە هەمانکاتدا ماددەشە بۆ عەقڵی بەدەستهاتو (مستفاد) (اکبریان و السادات، ١٣٨٩، ص ٦٧ ).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

**٣-عەقڵی بەدەستهاتو:** لەم قۆناغەدا عەقڵی مرۆڤ دەتوانێت لە وێنە داماڵراوەکان تێبگات. پێگەی عەقڵی بەدەستهاتو باڵاترین پێگەی تێگەیشتنی مرۆڤە و هەمو کەس ناتوانێت پێیبگات، مەرجی گەیشتن بەم عەقڵە، ئەوەیە، کە مرۆڤ بتوانێت عەقڵی بەکردار تێپەڕێنێت و بە تەواوی لە مادده دابماڵرێت، بەجۆرێک ئامادەیی گەیشتن بە عەقڵی کارای تێدا بێتەبون و هیچ نێوەندگیرییەک نەمێنێت لەنێوان ئەم عەقڵە و عەقڵی کارا(رضا، ١٣٩٦، ص ١٤).

**٤-عەقڵی کارا:** دیدی فارابی سەبارەت بە عەقڵی کارا، لەو خاڵە گرنگەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بەشێک نییە لە پلەبەندی عەقڵ، بەڵکو بونێکی جیاوازە و خاوەن کاراییە و سەربەخۆیە لە جیهان، (خودا) لەڕێگەی ئەم عەقڵەوە بەخشش و نیعمەتەکانی بۆ مرۆڤ زیاددەکات. لەم چواچێوەیەدا، فارابی پێوایە کاری عەقڵی کارا گرنگیدانە بە مرۆڤ و گەیاندنیەتی بەباڵاترین پلەی کەماڵ، کە تایبەتە بە مرۆڤ، تا بیگەیەنێتە بەختەوەری، بەختەوەری مرۆڤیش بەوەیە، کە بگاتە پلەی عەقڵی کارا(زکریا،-، ص ٤٨). بەمشێوەیە مرۆڤ سەبارەت بە نهێنییەکان زانست و زانینی بۆ دروست دەبێت. فارابی جەخت دەکاتە سەر ئەوەی، کە ئەگەر نەفس بەم قۆناغە بگات، جاویدان و پارێزراوە و دوچاری نابودی و لەناوچون نابێت، ئەم نەفسە ناودەنێت بە نەفسی ئیلاهی. بەڵام نەفسی مرۆڤ ناتوانێت بگات بەم قۆناغە مەگەر ئەوەی عەقڵی کارا، کە جیاکەرەوە و نێوەندێکە لەنێوان جیهانی داماڵراو و جیهانی ماددی، هاوکاری و ڕێنمونیی بکات. نمونەی فارابی بۆ ئەم پەیوەندییە، پەیوەندیی عەقڵی کارایە لەگەڵ عەقڵی بەهێز، کە وەک پەیوەندیی خۆرە لەگەڵ چاودا، کاتێک چاو لەتاریکیدایە و بینایی نییە، ئەوا پێویستە تیشکی خۆر ڕوناکی ببەخشێتە چواردەور تا ڕوناکببنەوە و وێنەی کەرەستەکان لە چاودا دەربکەون و بینایی ببێتە بەکردار(بالفعل). عەقڵی کاراش بەهەمانشێوە پێویستە ڕوناکی زانست ببەخشێتە عەقڵە مرۆییەکان، تا بتوانێت زانست و زانین سەبارەت بەحەقیقەت و وێنەکان بەدەستبهێنێت(رضا، ١٣٩٦، ص ١٥)، بەڵام لەسەر ئەو بنەمایەی، کە لە دیدی فارابیدا مرۆڤەکان بە سروشتی خۆیان لەیەکدی جیاوازن، ئەوا ئاستی توانا و ئامادەییان بۆ تێگەیشتن لە مەعقولاتەکان جیاوازە و تەنها یەک دەستە لە مرۆڤەکان دەتوانن بگەنە عەقڵی کارا.

## باسی دوەم: هۆکارە کاریگەرەکانی گەیشتن بە بەختەوەری:

یەکێک لە گرنگترین کەڵکەڵە و گرنگیپێدانەکانی فارابی بابەتی بەختەوەریی مرۆڤە، لەم پێناوەشدا بەوردی باس لەو ژینگە و هۆکارانە دەکات، کە یارمەتیدەرن لە گەیشتن بەم ئامانجە پڕ بایەخە، هەوڵدەدەین لەم بەشەدا بە جەختکردن لە سێ هۆکاری گرنگ لە گەیشتن بە بەختەوەری: (کۆبونەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵگە، ڕەنگدانەوەی سروشتی مرۆڤ لە شاری چاکە، سەرۆکی یەکەمی خاوەن عەقڵی کارا)، لەم پێناوەشدا هەوڵدەدەین هزری فارابی و ڕێکارەکانی، کە لەم بوارەدا دەیخاتەڕو، شرۆڤە و ڕونبکەینەوە.

### تەوەرەی یەکەم: کۆمەڵگە وەک پانتاییەک بۆ ڕەنگدانەوەی سروشتی مرۆڤ:

کۆمەڵگە لە بیری فارابیدا ئاماژەیە بۆ ئەو شوێن و کۆبونەوەیەی، کە تێیدا بەشەکانی لە سروشتدا جیاواز و لە پێکهاتەدا فازیلن، لە هەمانکاتدا هاوپەیمانییەکی ڕێکخراو و پەیوەستیان پێکەوە هەیە (محسن، ١٣٩٩، ص ١٩١-


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

٢٠٢). لەڕاستیدا، بیری فارابی سەبارەت بە بەراییەكانی دروستبونی كۆمەڵگە، پەیوەستە و دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی هەبون و سروشتی مرۆڤ؛ (هێزەكانی نەفس و عەقڵ) وەک زنجیرەیەكی گرێدراو و تەواوكار بۆ گەیشتن بە كۆمەڵگە و شاری خوازراو، هەروەها دابەشكاری كار و بەرپرسیاریێتی تێیدا.

بەو پێیەی هەر مرۆڤێک، خوازیاری هەر شتێک بێت، ئەوا سروشتییەن وابەستەیە بە مرۆڤەكانی دی، كەواتە ناچارە لەگەڵ هاوجۆرەكانیدا هاوكاریی بكات، بەمشێوەیە كۆمەڵگە هەردو پێویستییەكانی مرۆڤ لە مانەوە و تەواوێتی (كەماڵ) دابین دەكات، ئەم دو پێویستییەش نایەنەدی ئەگەر بنەمای هاوكاریی لەنێوانیاندا نەبێت، بنەمای هاوكاریش هۆكارە بۆ هاتنە ئارای بنەمایەكی دیكە، ئەویش بریتییە لە دابەشكردنی كار(فرناز،١٣٧٦، ص ١٤٠)، دابەشكردنی كاریش لەسەر ئەو بنەما پێویستەیە، كە هەر مرۆڤێک بۆ یەک كار، دێتەبون. بەمجۆرە بنەمای هاوكاری و تەواوكاریی كۆمەڵگە لە دیدی فارابیدا، هاوشێوەیە لەگەڵ بونیاد و سروشتی جەستەی مرۆڤدا.

لەڕاستیدا، بنچینەی باسی كۆمەڵایەتی فارابی بریتییە لە هاوكاریی لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵگە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی دیاریكراو(هەمان، ص ٢٠٢). گەیشتن بە ئامانجەكانی مرۆڤ، بەبێ بونی كۆمەڵگە نایەتەدی و كۆمەڵگەش بەبێ سەرۆک دروست نابێت. كۆمەڵگە سیستمێكی ئۆرگانیكە، كە بەختەوەری و بەدبەختی تێیدا، كاریگەری دەكاتە سەر ئەندامانی كۆمەڵگە و بەختەوەری و بەدبەختی ئەندامانی كۆمەڵگەش بەهەمانشێوە كاریگەری دەكاتە سەر كۆی كۆمەڵگە. لەسەر ئەو بنەمایە، بابەتەكانی پەیوەست بە بەختەوەری و بەدبەختی تاک و كۆمەڵگە لەژێر ناونیشانی یەكیەتی زانستی مەدەنی یا زانستی مرۆیی، دەچێتە خانەی گرنگییپێدانەوە(عبدالرحمن، ١٣٩٤، ص ١٥). بەبڕوای فارابی، هەر مرۆڤێک بەشێوەیەكی سروشتی بۆ بەدەستهێنانی تەواوێتی، پێویستیی بە ئەنجامدانی كۆمەڵە كارێكە، كە بە تەنهایی توانای ئەنجامدانی نییە، بەڵكو تەنها لە كۆمەڵگە و بەهۆی هاوكاری و پێكەوەییە، كە دەتوانن بگەنە ئاستی كەماڵ و تەواوێتی، لەسەر ئەو بنەمایەش، بەختەوەری ڕاستەقینە لەڕێگەی كۆمەڵگەی مرۆییەوە دێتەدی(طاهری و پارسانیا، ١٣٩٥، ص ١٩).

پاش ئەو دابەشكارییەی بۆ سروشتی مرۆڤ دەیكات، فارابی بەهەمان پلەبەندی كە بۆ هێزەكانی نەفسی مرۆڤ خستیەڕو، بونیادی ژیانی كۆمەڵایەتیش دەخاتەڕو، لەم چوارچێوەیەشدا، لە بەشی سەرەوەی هەرەمی بونیادی كۆمەڵایەتیدا سەرۆكی یەكەم بونی هەیە، پاش ئەم كەسانێكی دیكە هەن، كە بەپێی ئامانج و خواستی سەرۆكی یەكەم كار دەكەن، ئەم پلەبەندییە بەردەوامی هەیە تا دەگاتە خراپترین و نزمترینی ئەو كارانەی لەشاردا ئەنجام دەدرێن، بەو واتایەی، ئەو كەسانەی لە سەرەوەی هەرەمی دەسەڵات و بونیادی كۆمەڵایەتیدان بەشێوەیەكی سروشتی كارگەلی باش و گونجاو ئەنجام دەدەن، بەپێچەوانەوە، كەسانی خوارەوە كاری بە ئاست نزم و بە سروشت خراپ ئەنجام دەدەن(سیدرحیم، ١٣٨٧، ص ٢٢).

كۆی بیری فارابی سەبارەت بە پێویستیی كۆمەڵگە لە ڕەنگدانەوەی سروشتی مرۆڤ تێیدا، لەم خاڵە جەوهەریەدا دەردەكەوێت، كە یەكێک لە هۆكارە هەرە بنچینەیی و گرنگەكانی گەیشتن بە كەماڵ و تەواوێتی بریتییە لە كۆمەڵگە، كۆمەڵگەیەک، كە لەپێناو گەیشتن بە بەختەوەری، هاوكاری یەكتر دەكەن. فارابی كۆمەڵگە مەرجدار دەكات بەوەی، كۆمەڵگەیەک كە هاوكاری تێیدا دەبێتەهۆی بەدەستهێنانی بەختەوەری؛ كۆمەڵگەی چاكەیە (محسن،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

١٣٩٩، ص ١٥٢). ئامانجی سەرەکی فارابی لە خستنەڕوی شیکاریی بۆ دروستبون و بەردەوامی کۆمەڵگە، سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە، کە کۆمەڵگەی دروست پێویستە لەسەر بنەمای هاوکاری و ڕەچاوکردنی جیاوازییەکان دامەزرابێت تا بتوانێت قۆناغێک لە بەدەستهێنانی ئامانجە سەرەکیەکە؛ (بەختەوەری)، نزیکببێتەوە.

## تەوەرەی دوەم: ڕەنگدانەوەی هێزەکانی نەفس و ئەندامانی جەستە لە شاری چاکە:

بەبڕوای فارابی مرۆڤ لەو جۆرەیە، کە بەشێوەیەکی ڕەها ناتوانێت بگاتە پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی خۆی و کەماڵی ئاخیرەت، مەگەر بەهۆی ژیانی گروپی و کۆبونەوەی فراوان لە شوێنێکی دیاریکراو، کە لە هەمانکاتدا پەیوەستیش بن بەیەکەوە(محسن، ١٣٨٠، ٥٩).

لەم پێناوەشدا، شاری چاکە بەوە پێناسە دەکات، کە شاری کۆبونەوەی مرۆڤەکانە لەسەر بنەمای هاریکاری و لەم ڕێگەیەشەوە دەبنە چاکە. ئامانجیش لەکۆبونەوە لە شاری چاکە، بەدەستهێنانی فەزیلەت و بەختەوەرییە (فارابی، ٢٠١٩، ص ٢١). فارابی پاش پلەبەندی بونیادی کۆمەڵایەتی، بەوەندە بەسەندە ناکات، بەڵکو ئەم پلەبەندییە لە بونیادی سیاسیشدا جێگیر دەکات، بەو پێیەش، شیکاری فارابی سەبارەت بە لێکچواندنی شار بە هێزەکانی نەفس و ئەندامانی جەستەی مرۆڤ لەسەر بنەمای لەبەرچاوگرتنی جیاوازییەکان و هاریکاری و تەواوکارییە، بەو جۆرەی، کە هەر بەشێک لە بەشەکانی شاری چاکە، سەرپەرشت و سەرۆکێکی هەیە، کە هیچ سەرۆکێک لە سەروییەوە نییە، هەر بەشێک لە بەشەکانی شاریش خزمەتگوزارێکی هەیە، کە سەرۆکی هیچ تاکێکی شار نییە، بەمجۆرە لە هەر بەشێکی شاردا کەسێک هەیە، کە بەراورد بە کەسانی خوارەوی خۆی سەرۆک و لەبەرامبەر کەسانی سەروی خۆی خزمەتگوزارە(سیدرحیم،١٣٨٧، ص ٢٢).

کاتێکیش ئاماژە بەوە دەکات، کە ئامانجی سەرەکی لە پێکهێنانی دەوڵەت و چالاکی سەرەکی لە سیاسەتدا بریتییە لە بەدەستهێنانی (بەختەوەری)، ئەوا ئەمە دەکاتە ئامانج و مەبەستی ژیانی سیاسی، هەروەها باوەڕی وایە بەختەوەری لە عەقڵ و ئەخلاق و دینی تەواو و کامڵدا دەتوانرێت بەدەستبهێنرێت. لەمڕووەوە لە کتێبی (بەدەسهێنانی بەختەوەری- تحصيل السعادة) بەڵگە لەسەر ژیانی شایستە و بەختەوەریی دەهێنێتەوە، بەجۆرێک تەنها لە ناو شاردا دێتەدی(حسین، ١٣٩٦، ص ٣٢-٣٣). بەو جۆرەش پێناسەی شاری چاکە دەکات، کە سیستمێکی سیاسیە و دەبێتە بنەما بۆ بەدیهێنانی تەواوێتی مرۆیی(فارابی، ٢٠١٩، ص ٢١).

بە وردبونەوە لە بۆچونی فارابی ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە شاری چاکە هاوشێوەی جەستەیەکی ئەندام تەواو و تەندروستە، کە تێکڕای ئەندامەکانی لەپێناو کەماڵ و بەردەوامی ژیان و پاراستنیدا، هاوکاری یەکتردەکەن. شێوازی دروستبونی شاری چاکە و پەیوەندیی تاکەکان و شوێنگەی هەریەک لەم تاکانە لە سیستمی کۆمەڵایەتی شاری چاکەشدا، هاوشێوەی ئەو بارودۆخەیە کە بەسەر بونی مرۆڤدا زاڵە. بەمپێیە، لەڕوانگەی فارابیدا هەر بەو جۆرەی لە قۆناغی دروستبونی مرۆڤدا سەرەتا دڵ دروست دەبێت و دواتر ئەندامانی دیکە دێنەبون، پێگەی هەریەک لەم ئەندامانەش پەیوەستە بەدوری و نزیکی لە دڵ، لە شاری چاکەشدا شوێنگەی هەر یەک لە بەش و ئەندامانی کۆمەڵگە هەر بەم جۆرەیە و پێش هەر شتێک پێویستە سەرۆکی یەکەم جێگیر بێت، پاشان شار دروست دەکات و پلە و ڕۆڵی تاکەکان دیاریدەکات**، هەروەها دەبێتە هۆکار بۆ دروستبونی شار و بەشەکانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

و ڕێکخستنی پلەبەندییان. بەمجۆرە، شاری چاکە کۆمەڵگەیەکە تواناکانی گەیشتن بە بەختەوەری تێیدا ئامادەیە و تاکەکانی بەختەوەری دەناسن، هاوکات هاوکار و یارمەتیدەری یەکترن لەو کاروبارانەی لەم ئامانج و مەبەستە سەرەکییەکە نزیکیان دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شاری چاکە لە خودی خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری(الهام، ١٣٩٥، ص ٢٨)(الهام اميني نسب،٢٨)

لەسەر ئەو بنەمایانەش، پلە و جێگەی هاووڵاتیان لە شاردا هەروەک هێزەکانی نەفس و جەستەی مرۆڤ، هەندێکیان لەپێشترن لەوانی دیکە، بەشێوەیەک پێگەی هەر هاووڵاتیەک لە فەرمانڕوایی، ئەنجامدانی کار، فەرمانبردن، خزمەتکاریی، بە ئەندازەی سروشت و ئەو زانست و کەلتورەی بەهۆی فێربونەوە بەدەستی دەهێنن، جۆراوجۆر و جیاوازە و هەندێکیان پێش هەندێکی دیکەیان دەکەون(فارابی،١٣٩٦، ص ٢١٧-٢١٨).

لەڕاستیدا جەختی فارابی لەسەر لێکچون و یەکیەتی نەفس و جەستەی مرۆڤ و پلەبەندی لە شاری چاکە، دەیگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە هەردو خاوەنی یەک چوارچێوە و بڕیارن. بەوشێوەیەی، کە ناوەندی شیکاریی لە هەبونی مرۆڤدا دڵ و ناوەندە شیکاری شار، لوتکەی هەرەمی ژیانی سیاسی، واتە سەرۆکی یەکەمی شارە. ئەم زنجیرەبەندییە لەدیدی فارابیدا بەو جۆرە بەیانی دەکات، کە هەروەک چۆن سەرۆکە ئەندامی جەستە، سروشتییەن تەواوترین ئەندامە هەم لەخودی خۆیدا و هەم لە کرداردا، سەرۆکی شاریش تەواوترینی تاک و بەشی شارە. بەسەرنجدان لەوەی، کە لە مرۆڤدا یەکەمجار دڵ دروست دەبێت و دواتر دەبێتە هۆکار بۆ پێکهاتنی تەواوی ئەندامانی دیکەی جەستە و هێزەکانیان و هەروەها هۆکاریشە بۆ ڕێکخستنی ئاست و پلەبەندیی ئەم ئەندامانە، ئەوا بارودۆخی سەرۆکی شاریش هاوشێوەیە، بەوپێیەی لەلایەکەوە سەرەتا پێویستە سەرۆک سەقامگیر و دامەزراو بێت تا دواتر ببێتە هۆکار بۆ پێکهاتنی شار و بەشەکانی، لەلایەکی دیکەشەوە، بەرهەمهاتنی هێزی ئیرادەی بەش و تاکەکانی شار و ڕێکخستنی پلە و ئاستیان، پەیوەستن بە هەبون و سەقامگیری سەرۆکی یەکەمەوە(داود، ١٣٨٩، ص ٣٣٣). بەمجۆرە فارابی جەخت دەکاتە سەر ئەوەی، کە سیستمی مەدەنی و هێزەکانی نەفس لە مرۆڤدا هەردو مەحکومی یەک بڕیارن، ئەگەر سەرنج بدەینە هێزەکانی نەفس و شار دەبینین لە هەردوکیاندا جۆرێک لە هاوکاری و ڕێکخستن و پلەبەندیی بونیان هەیە(رضا، ١٣٥٤، ص ١٠٦). بە واتایەکی تر، شاری چاکە لەسەر بنەمای جیاوازی و پلەبەندی دروست دەبێت، هەر بەو جۆرەی، کە لە هێزەکانی نەفسی مرۆڤ و ئەندامانی جەستەیدا بەدی دەکرێت، سەرۆکی یەکەمیش لە شاردا هاوشێوەی دڵە لە جەستەدا، دروستبونی ئەم هاوکێشەیەش لە شاردا، بەرهەمەکەی شاری چاکەیە، شاری چاکەش تەنها شوێنێکە، کە مرۆڤەکان دەگەنە بەختەوەری تێیدا.

## تەوەرەی سێیەم: ڕۆڵی عەقڵی کارا:

عەقڵ بەسروشتی خۆی بەرپرسیارە و توانای تێگەیشتن و دەرکی جیاوازییەکانی هەیە، بۆیە سەرچاوەی بەرپرسیارێتی بریتیە لە دیاریکردنی جیاوازییەکانی وەک باش و خراپ، شایستە و ناشایستەیە بۆیە عەقڵ پانتاییەکی فراوان و پێگەیەکی بەرجەستەی هەیە لە دیدی فارابیدا.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

لەم سۆنگەیەشەوە، کاتێک لە ڕوانگەی فارابیدا ئامانج لە بونی مرۆڤ گەیشتنی بێت بە بەختەوەری، ئەوا ئەمە نایەتەدی تاکو عەقڵی کارا مەعقولاتی سەرەتایی، کە بریتییە لە زانینە سەرەتاییەکان، بە مرۆڤ نەبەخشێت، بەڵام هەمو مرۆڤێک بەپێی سروشتی خۆی توانا و شایستەیی بۆ بەدەستهێنانی ئەم زانینە نییە، چون مرۆڤەکان یەکسان نین و لە دۆزینەوەی هەبون و زانیارییدا جیاوازن، بەهەمان شێوە، لەسەر بنەمای سروشتیان لە بەدەستهێنانی عەقڵدا ناهاوسەنگ و جۆراوجۆرن، بۆیە لە سروشتی هەندێک لە مرۆڤەکاندا هیچ زەمینەیەک بۆ گەیشتن بە مەعقولاتی سەرەتایی لە ئارادا نییە، بەڵکو تەنها مرۆڤە پاک سروشتەکانن بەهۆی هەوڵی بەردەوام دەتوانن بە مەعقولاتی سەرەتایی بگەن(فارابی، ١٣٩٦، ص١٩٤-١٩٦)

لەڕاستیدا فارابی ڕۆڵی عەقڵی کارا دەهێنێتە بەر باس تا نیشانی بدات، کە تەنها ئەو کەسانە دەتوانن ببنە سەرۆکی یەکەم کە گەیشتونەتە ئەم ئاستەی عەقڵ، هەروەک پێیوایە تەنها کەسانێکی کەم و دیاریکراو تایبەتمەندییەکانی سەرۆکی یەکەمیان هەیە، ئەم تایبەتمەندییانە لە کەسانێکدا هەیە، کە سروشتێکی باڵایان هەیە و گەیشتونەتە عەقڵی کارا. پرۆسەی گەیشتن بە عەقڵی کارا لە دیدی فارابیدا هەمان ئەو پلەبەندیەیە، کە لە قۆناغبەندی عەقڵدا ئاماژەی بۆ دەکات، واتە کەسی شایستە لەچوارچێوەی سودوەرگرتن لە (بەخششە زۆرەکانی عەقڵی کارا-بەخششەکانی خودا)، لە قۆناغی عەقڵی کارتێکراوەوە دەگاتە ئاستی عەقڵی بەدەستهاتو، ئەمەش زەمینەی گەیشتن بە عەقڵی کارا فەراهەم دەکات(گراف و لیمن،١٣٩٨، ص ١٣٣). ئەمەش مانای کەماڵ و تەواوێتی هێزی ناتیقە دەگەیەنێت، واتە خاڵی گەیشتنی مرۆڤە بە عەقڵی کارا(محسن، ١٣٩٩، ص١٥٠). مەبەستی فارابی لە سەرۆکی یەکەم، بەو کەسە دەگوترێت، کە بەشێوەیەکی ڕەها پێویستی بە هیچ کەسێکی دیکە نییە و بە هیچ جۆرێک سەرۆکایەتی بەسەردا ناکرێت، لەڕوی پلەیی زانستیەوە لە ئاستێکدایە، کە هەمو ئامادەییە زانستییەکان لە بونیادیدا بەشێوەیەکی کردەیی بونیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشی پێویسیی بە ڕێنمونیکەر نییە، سەبارەت بە یاسای هەمو ئەو کارانەی، کە بەشێوەی زنجیرەیی ڕودەدات ئاگایی هەیە و خاوەنی هێزی ڕێنمونیی و دەتوانێت کەسانی دیکە بە ئاراستەی کاری باش ببات، هاوکات خاوەنی هێزێکی وەهایە، کە ئەرکی هەر تاکێک بە دروستی دیاری دەکات و بۆ ئەو کارە هەڵیاندەبژێرێت، کە هاوتایە لەگەڵ سروشتیدا، بە هۆیەشەوە ژینگەی ڕێنمونی تاکەکان بە ئاراستەی بەختەوەری فەراهەم دەکات. سەرۆکی یەکەم لەگەڵ ئەوەی بیرمەندە، پێویستە یاسا داڕێژەری دورمەودای سیاسی و ڕابەری مەعنەویش بێت، بەو مانایەی، کە بتوانێت حەقیقەتە فەلسەفییە ئاڵۆزەکان وەربگرێت و لەڕێگەی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و ڕاستەوخۆ و وتاری قەناعەتپێکەرەوە بیگوازێتەوە بۆ خەڵک(گراف و لیمن،١٣٩٨، ص ١٣٣). بەمجۆرە، ڕوانگەی فارابی سەبارەت بە هاتنەدی بەختەوەری لە شاردا، وەک چۆن بەشێکی پەیوەستە بەتاکەکانی کۆمەڵگە و ئەوەی، کە هەریەکێکیان هاوتا لەگەڵ سروشتی خۆیان پێویستە ڕەچاوی پلەبەندی لە جیاوازی و هاوکاریی نێوانیان، بکەن، ئەوا سەرۆکی یەکەمیش لەپێناو سەلماندنی جیاوازیی لەپلەی بونیدا، پێویستە کۆمەڵێک خەسڵەتی تێدا هەبێت، بەم هۆیەشەوە شار دەتوانێت بگاتە بەختەوەری ڕاستەقینە.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5**

## خەسڵەتەکانی سەرۆکی یەکەم:

- ئەندامەکانی تەواو بێت. ئەندامەکانی ئەو هێزانەی هەبێت بۆ ئەو کردارانەی، کە پێویستە پێی بکرێت. هەر کاتێک بیەوێت بە ئەندامێک لە ئەندامەگانی کارێک بکات، کە بە ئەو دەکرێت بە ئاسانی پێی بکرێت.

- بەسروشت و بە مۆرک تێگەیشتن و وێناکردنی باش بێت بۆ هەر شتێک پێی دەگوترێت، بە تێگەیشتنی ئەوە وەربگرێت، کە قسەکەر مەبەستیەتی، بەپێی پرسەکە لە خودیدا.

- پاشان وابێت توانای لەبەرکردنی باش بێت بۆ ئەوەی کە، تێیدەگات یان دەیبینێت و دەیبیستێت و پەیپێدەبات، بە تێکڕایی لە بیریان نەکات.

-زیرەکیەکی باشی هەبێت، ئەگەر شتێک ببینێت بە کەمترین بەڵگە (لەسەر ئەو شتە) بە زیرەکی پەیپێبباب لەو ڕووەوە، کە بەڵگەکە بەڵگەیە بۆی.

-گوزارشتەکانی جوان بن، زمانی توانای ڕونکردنەوەی ئەوەی هەبێت، کە لایەتی(فارابی، ٢٠١٩، ص ١٣٥)

-خۆشەویستی هەبێت بۆ فێربون.

-هەڵپەی نەبێت لە خواردن و خواردنەوە و ژن هێناندا.

-ڕاستی و هاوشێوەکانی خۆش بوێت، درۆ و هاوشێوەکانی ڕق لێبێت.

-دەرونی مەزن بێت، کەرامەت و ڕێزی خۆش بوێت.

-پارە و پول و تەواوی ڕوکەشە دونیاییەکان شتێکی بێ نرخ بێت لەلای.

-بەسروشت داد و دادگەرانی خۆش بوێت.

-ویستی بەهێز بێت لەسەر شتێک، کە وا دەبینێت دەبێت بکرێت، و دەرونی لاواز نەبێت (مەریوان، ٢٠٢٠، ص ١٤٩).

لەڕاستیدا مەرج و تایبەتمەندییەکانی فارابی بۆ سەرۆکی یەکەم، واتای جیاواز بونی خاوەنەکەی لەگەڵ کەسانی دیکە، ئەمەش زەمینەی دەرخستنی جیاوازییە سروشتییەکانی نێوان مرۆڤەکان تۆختر و بەرجەستەتر دەکات. بۆیە فارابی پاش خستنەڕوی مەرج و سیفاتەکانی سەرۆکی یەکەم، باوەڕیوایە ئەم مەرج و تایبەتمەندییانە تەنها لە کەسانی خاوەن سروشتێکی باڵادا هەیە، کە توانیویانە بگەنە عەقڵی کارا. هەر نەفسێکیش کاتێک بەم قۆناغە دەگات، ئەوکات دەبێتە نەفسێک، کە قۆناغەکانی گەشە و پێشکەوتنی یەک لە دوای یەک بڕیوە و بەهەوڵ و تێکۆشان لە قۆناغی عەقڵی بەدەستهاتووەوە دەگاتە عەقڵی کارا(زکریا، ص ٤٨) بەمجۆرە فارابی ئەوە نیشاندەدات، کە چۆن سیاسەت لە شاردا بە گرنگیدان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و پێویستییە ئەخلاقییەکانی مرۆڤ، لەپێناو بوژاندنەوەی فەزیلەتەکان دێتەبون(سید حسن، ١٣٨٨، ص ١٥٨). بەو شێوەیە سەرۆکی یەکەم یاخود فەیلەسوفی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

فەرمانڕەوا دەبێتەهۆی دروستبونی شاری چاکە و ئاڕاستەکردنی دانیشتوانی شار بەرەو فەزیلەت و بەختەوەری(ڤیتر، ١٣٩٨، ١٨٣)

لەسەر ئەو بنەمایە، فارابی جەختدەکاتەوە لەوەی، کە تەنها کەسانێکی کەم و دیاریکراو ئەم تایبەتمەندیانەیان هەیە، ئەوانیش ئەو کەسانەن، کە خاوەنی سروشتێکی باڵان و گەیشتونەتە عەقڵی کارا، گەیشتن بە عەقڵی کارا لە بیری فارابیدا هاوتایە لەگەڵ بون بە سەرۆکی یەکەم، سەرۆکی یەکەمیش هەمان ئەو کەسەیە، کە وەحی ئیلاهی بۆ دێت، چونکە مرۆڤ تا نەگاتە پلەی عەقڵی کارا، وەحی بۆ نانێردرێت(عین الله، ص ٥٤).

لەبەرئەو هۆکارەشە، کە فارابی بەختەوەری دەبەستێتەوە بە شارێک کە بتوانێت لەڕێی سیاسەتێکی دروست؛ (فەرمانڕەوایی سەرۆکی یەکەمی خاوەن عەقڵی کارا)، بتوانێت ژینگەی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە لەبار بکات. ئەمەش ئەو ئاکامەیە، کە فارابی پێیدەگات، واتا ڕەچاوکردنی سروشتی مرۆڤ و پلەبەندی نێوانیان هۆکارە بۆ ئەوەی سەرۆکێکی یەکەمی شایستەی گەیشتو بە عەقڵی کارا بتوانێت کۆمەڵگەی چاکە و چاکە لەڕێی سیاسەتێکی ڕەوا و دروست بەرەو ئامانجی کۆتایی (بەختەوەری) ئاڕاستە بکات. بەو شێوەیەش، پێش مەرجی بەڕێوەبردنی دروست بریتییە لە ڕەچاوکردنی جیاوازییەکان و بەڕێوەبردنی شار لەلایەن سەرۆکی خاوەن عەقڵی کارا.

### تەوەرەی چوارەم: دژەکانی شاری چاکە:

خەڵکی شاری چاکە، فەیلەسوف و عارف و ڕاهاتون بە ئەخلاقی جوان، چونکە ئەو کارە هاوبەشەی کە هەمویان پێی ئاشنابون، بریتییە لە ناسینی فەلسەفیی سیستمی هەبون، سەبارەت بە عەقڵی کارا و چییەتی و پلەبەندیی بونەوەرەکانی جیهان زانستیان هەیە، ئەوان بە سروشت و سیفات و هێزەکانی نەفسی مرۆڤ و پلەبەندی و پەیوەندیی نێوانیان ئاشنان، سەرۆکی یەکەم (بیادنەری شار) دەناسن و ئەم ناسینەش هۆکاری بۆ ڕاکێشانیان بە ئاڕاستەی سەرۆکی یەکەم. ئەوان بە ئامانجی کۆتایی شار کە گەیشتنە بە بەختەوەریی ئاگادارن، لەگەڵ ئەمانەشدا ئاگاداری ڕەوش و بارودۆخی دژەکانی شاری چاکەن(فرناز، ١٣٧٦، ص ٣٠١).

گرنگترین ئەنجام، کە فارابی لە بواری فەلسەفەی سیاسیدا دەیخاتەڕو، دابەشکردنی ئەندامانی شاری چاکەیە بە بەشی نا بەرامبەر، هەروەها خستنەڕوی (سیستمی پلەبەندی و ستونی) یە لە بەشەکانی شاردا، کە مانەوە و بەردەوامی هەر یەک لەم بەشانە، پەیوەستە بە سەرۆکی یەکەمەوە. بەڵام پێچەوانەی شاری چاکە، کە ئەندامانی هاوشێوەی سروشتی مرۆڤ لەپەیوەندی و کارلێکردنێکی بەردەوامی تەواوکار و هاوکاریدان، شارە دژەکانی شاری چاکە: (نەزان، گومڕا، لەڕێدەرچو، گۆڕاو، دەست بەسەراگر، کەرامەت و ...)، هەریەکە و بەڕێژەی جیاواز ناکامن لە گەیشتن بە بەختەوەری، ئەمەش بەهۆی ڕەچاونەکردنی جیاوازییەکان و پەلەبەندیی لە هەبون و سروشتی تاکەکانی و پەراوێزخستنی عەقڵی کارا.

ئەندامانی هەر یەک لەم شارانە، لە ململانێ و ناکۆکییەکی هەمیشەیدان. لەپێناو بەدەستهێنانی سود و دورخستنەوەی زیان هیچ مافێک بۆ کەسانی دیکە بە ڕەوا نابینن، تەنانەت بونی ئەوانی دیکە بە زەرەر و زیان دەزانن. هەر کەس لەم ململانێیەدا سەرکەوت، بەو واتایە دێت، کە بون و خاسیەتەکانی کامڵتر و لەپێشترە لەوانی تر(رضا، ١٣٥٤، ص ١٣٥). یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم شارانە و جیاواز لە شاری چاکە، نائارامی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

و ئاشوبی بەردەوامە، بەجۆرێک هەر کەس هەوڵدەدات ببێتە سەرۆک، هاوکات لەڕێی توانا و لێهاتویی خۆیەوە شار بە ئاڕاستەی بەختەوەری ڕێنمونی بکات(میان، ١٣٦٥، ص ١٧٨-١٧٩). لەم شارانەدا لەبری هاوکاری و یارمەتی، پەیوەندیی زاڵبون لەئارادایە. بۆیە پایە و بنەمای ئەم کۆمەڵگەیانە بریتییە لە سەرکەوتو و شکستخواردو. لە کۆمەڵگەگەلێکی ئاوهادا، هەبونی کەسێک و بەختەوەربونی پەیوەستە بە سەرکەوتن و زاڵبونیەوە، فارابی باوەڕی وایە کەس بە کەسی و هەرج و مەرج سیمای دیاری ئەم کۆمەڵگەیانەیە و هیچ پلەبەندی و ڕێکخستنێک بونی نییە(الهام اميني نسب،٤٠).

بەسەرنجدان لە سروشت و چییەتی دژەکانی شاری چاکە، ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە بە هەر کۆبونەوە و کۆمەڵگەیەک ناگوترێت چاکە و چاکە، بەو واتایەی هەریەک لەم شارانە پێچەوانەی شاری چاکە لە ئەنجامی ڕەچاونەکردنی جیاوازی و پلەبەندیی سروشتیی نێوانیان، هەر تاکێک خاوەنداریّتی و فەرمانڕەوایی ڕەها بە مافی خۆی دەزانێت، ئەمەش تێکشانی ئەو پلەبەندیە سەرەکیە، کە فارابی بۆ شاری چاکەی دادەنێت، ئەنجامی زاڵبونی بارودۆخێکی لەم جۆرە ئاشوب و ناڕێکخراویی و دورکەوتنەوەیە لە ئامانجە سەرەکیەکە (بەختەوەری)، بۆیە لەگەڵ بونی بانگەشەی گەیشتن بە بەختەوەری لە ئاوا شارگەلێکدا بەڵام لە دیدی فارابیدا ئەوە بەختەوەری ڕاستەقینە نییە، بەڵکو بەختەوەری ڕاستەقینە تەنها لە شارێکدا دێتەدی، کە پلەبەندی و ڕێکخستنی سروشتی نێوان تاکەکان پارێزراو بێت و ئەنجامەکەشی بەڕێوەبردنی بێت لەلایەن سەرۆکی خاوەن عەقڵی کارا، بێگومان تایبەتمەندییەکی لەم جۆرەش تەنها لەشاری چاکەدا دێتەدی.

## ئەنجام:

دەکرێت ئەنجام و دەستکەوتەکانی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا بخرێتەڕو:

- لە دیدی فارابیدا ناسینی بەختەوەری پێش مەرجی بەدەستهێنانیەتی، وەک خێرێکی باڵا و خوازراویش، ئامانجێکی هەمیشەییە و سود لە باشترین و گونجاوترین ئامرازەکان وەردەگرێت لەپێناو بەدەستهێنانیدا. بۆیە بەختەوەری هەم وەک خێر و هەم وەک خێرێکی باڵا، لەپێش، خودیی دەبێتە ئامانجێکی باڵا و کۆتایی لە دیدی فارابیدا، و لەگرویی بەدەستهێنانی فەزیلەتەکان دادیدەنێت، کە فەزیلەتی ئەخلاقی لەپێش هەموویانە، کاتێکیش دەرونی مرۆڤ بگاتە ئاستێک، کە پێویستی بە ماددەنەبێت، ڕێڕەوی گەیشتن بە بەختەوەری ڕاستەقینە فەراهەم دەبێت.

-بە سروشتیی مرۆڤەکان لە توانا و تایبەتمەندیدا جیاوازن، تێگەیشتنیشیان بۆ ڕاستی و مەعقولاتەکان جیاوازە. ڕەچاوکردنی ئەم پلەبەندی و جیاوازییەش سروشتی بونی مرۆڤەکانە و لادان لێی دژبونە لەگەڵ ئەو سروشتەدا.

-هێزەکانی نەفس و ئەندامانی جەستەی مرۆڤ خاوەن خەسڵەتێکن لە پلەبەندی و جیاوازی و هاوکاری، هەر هێزێک سەرەڕای ئەرک و تایبەتمەندیی خۆی، تەواوکارە لە پێکهاتن و ئەرکی هێز و ئەندامانی دیکەشدا و لەسەر بنەمای پلەبەندییەکی ستونی ڕاوەستاون.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

-لەگەڵ ئاماژەکردن بە قۆناغبەندیی عەقڵی، بۆچونی فارابی ئەو ڕاستیيە لەخۆدەگرێت، کە مرۆڤی کامڵ پێویستە تەواوی قۆناغەکانی عەقڵ ببڕێت تاکو توانای بەدەستهێنانی عەقڵی کارای بۆ فەراهەم ببێت، ئەمەش تایبەتە بە گروپ و دەستەیەکی دیاریکراو لە مرۆڤەکان.

-کۆبونەوەی مرۆڤ لە چوارچێوەیەکی جوگرافی دیاریکراو و لەسەر بنەمای پلەبەندی سروشتی و هاوکاری، ژینگەی دروستبونی شاری چاکە دەڕەخسێنێت و بەڕێوەبردن و ئاڕاستەکردنیشی لەلایەن ئەو کەس و سەرۆکەی، کە ئامادەیی و توانای گەیشتنی بە عەقڵی کارای تێدا هەیە، بەدەستهێنانی بەختەوەری بۆ ئەندامانی شار دەهێنێتە ئارا. شارێکیش ئەم تایبەتمەندیانە لەخۆنەگرێت، لە بەدەستهێنانی بەختەوەری ناکامە و لەبەرچاونەگرتنی سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە پلەبەندی و فەرمانڕەوایی عەقڵی کارا، دژەکانی شاری چاکەی پێدەناسرێتەوە.

## پەراوێز:

*مەعقولاتی سەرەتایی هەمو ئەو شتانەیە، کە لەسەرەتادا زانیومانە و بەشێوەیەکی سروشتیی یەقین و دڵنیاییمان دەربارەیان پەیدا کردوە و باوەڕمان تەنها بەوانەیە، بەبێ ئەوەی بزانین چۆن گەیشتوین بەم ئاستە، بۆ نمونە سێ ژمارەیەکی تاکە، بەش بچوکترە لە گشت. بەواتایەکی تر، مەعقولاتی سەرەتایی ئارەزوی مرۆڤە لە تێرامان و بینین و هەوڵ بۆ هەڵهێنجان، ئەنجامی ئەمەش حەزە بۆ بەشێک لەو شتانەی، کە هەڵهێنجراوە یاخود بەپێچەوانەوە دورکەوتنەوەیە لێیان.

**مەبەست لێی دروستکردنی شاری چاکەیە نەک بونێکی فیزیکی شار، چونکە شار و کۆمەڵگە پێش سەرۆکی یەکەم هەن بەڵام چاکە نین و سەرۆکی یەکەم بەهۆی عەقڵی کارا و سودوەرگرتن لە بەخششەکانی ئیلاهی، و لەهەمانکاتدا لەبەرچاوگرتنی پلەبەندیی پێش وەختە، شاری چاکە دادەمەزرێنێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی راپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# The Role of Natural Hierarchy in Obtaining Happiness in Faraby's View

**Mohammed Hussein Saeed**[1]

[1] Department of Political Science, College of Political Science, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

True happiness in Farabi's vision, in terms of nature and of itself, is a great and promising virtue and it is the main objective in the life of the Virtuous City and the value of it results in lasting permanently as an objective and never becomes a mean. The project and basis of Farabi's view relates to the establishment of significant means and methods for happiness attainment. The first assistive mean is to gather around the structure of the city and society. He views society as an organic system, though they differ in duty and rank, but they own cooperation basis between them. The flawless image of society is revealed only when it is ruled over by the president of an active mind. The conclusion of combined means brings about the foundation of the Virtuous City which is the only place for happiness attainment.

The absence of collaboration, cooperation and hierarchy, lack of active mind of the president, and ignorance towards the true happiness by the individuals, are those features which Farabi counts as the contraries to the Virtuous City, the objective of this process is to prove that no city and crowd is capable of being happy if they do not place the ways and nature of the Virtuous City to their being.

Available research by using descriptive and analytical method for the purpose of Faraby's view on obtaining happiness and a desirable society through simile and finding the connection between the city of goodness and and human nature to be represented, and for this, it will reach the conclusion that human gathering in the framework of the society, considering the natural hierarchy, and cooperation for providing happiness.

**Keywords:** Happiness, Human Nature, The Virtuous City, Hierarchy and Cooperation.



**Original Article / Doi:** 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

## سەرچاوەکان:


احمد شەگلی (١٣٩٨)، مبادی عمل از دیدگاه فارابی و ملاصدرا، آموزەهای فلسفه اسلامی-دانشگاه علوم اسلامی رضوی، شماره ٢٤، صفحات ٢٣٥-٢٦٥.

اعلی تورانی، سیده نرجس عمرانیان، ام البنین مرتضوی، ١٣٩١، رابطه سعادت و سیاست از دیدگاه فارابی، نشریه آموزەهای فلسفه اسلامی، شماره ١٠، صفحات ١٠٧-١٢٠

الهام اميني نسب،(١٣٩٥)، بررسی مدینه فاضل در ادنیشه سیاسی فارابی، فصلنامه پارسه، دوره ١٦،شماره ٢٦، صفحات ١٩-٤٧.

پیتر اس. گراف، الیور لیمن (١٣٩٨)، فلسفه اسلامی از الف تا ی، تهران، مولی.

پیتر آدامسون، (١٣٩٨،) فلسفه در جهان اسلام-درآمدی بسیار کوتاه، ترجمه: زرین مناجاتی و حنیف امین بیدختی ،تهران، شوند.

حسین بشیریه، (١٣٩٦)، احیای علوم سیاسی-گفتاری در پیشه سیاستگری، تهرانن نشرنی.

حنا فاخوری و خلیل جر(١٣٩٩)، تاریخ فلسفه در جهان اسلامی، چاپ دوازدهم، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی.

داود فیرحی (١٣٨٩)، قدرت، دانش و مشروعیت در اسلام، چاپ دهم، تهران، نشرنی.

رضا اکبریان، نجمه السادات (١٣٨٩)، معانی عقل در فلسفه فارابی، پژوهشنامه علوم انسانی، شماره ٦٠/١، صفحات ٥٣-٨٤.

رضا داوری اردکانی (١٣٩٦)، فارابی مؤسس فلسفه اسلامی، تهران، انتشارات انجمن فلسفه ایرانی.

رضا داوری اردکانی (١٣٥٤)، فلسفه مدنی فارابی، تهران، مرکز مطالعات و هماهنگی فرهنگی.

زکریا بهارنژاد (-)، عقل و دین از دیدگاه فارابی، فصلنامه علمی پژوهشی دانشگاه قم، سال دوازدهم، شماره چهارم، صفحات ٦٩-٨٩.

سید حسن اخلاق (١٣٨٨)، فارابی و ماکیاولی، فصلنامه فلسفه و کلام اسلامی آینه معرفت، سال هفتم، شماره نوزدهم، صفحات ١٤٥-١٧٣.

سید رحیم بوالحسنی، (١٣٨٧)،ثبات و تحول در جامعه شناسی فارابی، فصلنامه سیاست-مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، دورة ٣٨، شماره٢، صفحات ١٧-٤٣.

عارف برخورداری (١٣٩٤)، درآمدی تطبیقی بر ماهیت مدینه فاضله در آراء فارابی و خواجه نصیرالدین طوسی، فصلنامه سیاست، دانشکده حقوق و علوم سیاسی دانشگاه تهران، دوره ٤٥، شماره٢، صفحات ٤٩٥-٥١٢.

عبدالرحمن حسنی فر(١٣٩٤)، الگوی ایرانی اسلامی پیشرفت بر اساس دیدگاه فارابی-مطالعه موردی سعادت سیاسی اجتماعی، پژوهشگاهی علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، ،سال ششم، شماره اول، صفحات ٤٩-٧٣.

علی رضا آل بویه، ١٣٨٨، سعادت از دیدگاه فارابی، نشریه نقد و نظر، سال چهاردهم، شماره ٤، صفحات ٦٢-٨٦.

علی صبری و سید محمد کاظم (١٣٩٥)، رابطه سعادت و فضیلت از دیدگاه ارسطو و فارابی، الهیات تطبیقی علمی-پژوهشی، سال هفتم، شماره شانزدهم، صفحات ١٠١-١١٤.

عین الله خادمی (-)، تحلیل معنای سعادت از دیدگاه فارابی، فصلنامه علمی-پژوهشی دانشگاه قم، سال دهم، شماره دوم، صفحات ٨١-١٠٧.




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5

فارابی (١٩٨٧)، الرسالة التنبيه على سبيل السعادة، تحقيق: الدكتور سحبان خليفات، عمان، الجامعهة الأردنية.

فارابی(٢٠١٩)، بیروبۆچوونی خەڵکی شاری فازیلە، و:مەریوان عەبدول، سلێمانی، ڕەهەند.

فارابی (١٣٩٦)، السیاسة المدنیه، ترجمه: حسن ملکشاهی،چاپ سوم، تهران، سروش.

فرناز ناظرزاده (١٣٧٦)، اصول و مبادي فلسفه سیاسی فارابی_شرح نظریه مدینه فاضله با تطبیق بر آراء افلاطون و ارسطو، تهران، انتشارات دانشگاه الزهرا.

محسن مهاجرنیا (١٣٩٩)، اندیشه سیاسی فارابی، چاپ سوم، تهران، مؤسسه فرهنگی دانش و اندیشه معاصر.

محسن مهاجرنیا (١٣٨٠)، دولت در اندیشه در اندیشه سیاسی فارابی، تهران، مؤسسه فرهنگی دانش و اندیشه معاصر.

مسلم طاهری و حمید پارسانیا (١٣٩٥)، نقش ادراکات انسانی در مراتب تکامل اجتماعات انسانی در علم مدنی فارابی، فصلنامه علمی- پژوهشی نظریه‌های اجتماعی متفکران مسلمان، سال ششم، شماره یک، صفحات ٩-٢٨.

مەریوان عەبدول عبدالله(٢٠٢٠)، کاریگەری بزافی وەرگێڕان لەسەر دەرکەوتن و گەشەکردنی هزریی فەلسەفی لە خۆرهەڵاتی ئیسلامییدا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق.

میان محمد (١٣٦٥)، تاریخ فلسفه در اسلام، جلد دوم، ترجمه: نصرالله پورجوادی، تهران، مرکز نشر دانشگاهی.

یارعلی فیروزجایی (١٣٩٠)، حقیقت نفس و حدوث جسمانی آن در نزد فارابی، معرفت فلسفی، سال هشتم، شمراه چهارم، صفحات ١١-٢٦.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(5).Paper5**